# هیچ هۆیێك نیە كەوا لە مامۆستا بكا كە قوتابی بچە وسێنێتەوە

وەرگێرانی لەسویدیەوە: وەهاب شاەمحمد

پەیوەندێکانی دەسەڵات بابەتێکی گرنگ و بنەرەتیەلەهەموو گفتوو گۆێک دەربارەی رەوشتی کار . یاساکانی رەوشت بەتایبەتی زۆر گرنگن بۆ ئەو لایەنانەی کار کەلەگەڵ خەڵکانێک کار دەکەن کەکێشەو گیروگرفتیان هەیە. هەروەها یاساکانی رەوشتی کار زۆر

گرنگن بۆ باوەری رای گشتی بۆ ئەوکەسانەی کەپیشەیین.

پەروەردەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی رەوشتی قوتابخانەلەمساڵانەی دوای دوورەپەرێز بووەلەگتوگۆ گشتێکانی ناو خەڵک دەربارەی خوێندن . بەڵام ئەم مەسەلەیەلەلایەن ئەو کەسانەی کەخۆیان بەشارەزا لەم بوارەدا دەزانن بەناراست لەقەڵەم

دەدرێ . ئەم مەسەلەیەهەمان شتەلەو باسانەی کەدەکرێ دەربارەی شارەزای

مامۆستاکان لەسەر بابەتەکانی خوێندن، بەڵام پیشەی مامۆستای لەناوەرۆکدا زۆرشتی

دووربینی گرنگی تیایەکەێکێ لەوانەدووربینی فێرکردنەو بەستراوەتەوەبەجۆری شارەزای لەلای مامۆستا، پاشان دووربینی کۆمەڵایەتی کەبەستراوەتەوەبەپەیوەندی

هەموو ئەو کەسانەلەگەڵ یەک کەلەبواری خوێندن کار دەکەن لەقوتابخانەکان، پاشان لەهەر هەمووی گرنگتر دووربینیەرەوشتێکەیەکەپەیوەندی بەناوەرۆکی پرنسیپی قوتابخانەکان هەیەکەئەویش پەروەردەدیموکراتێکەو رەوشتی پیشەی مامۆستاوەهەیە.

خوێندن و پەروەردەدووشتی سەرەکی فێرکردنن، وەفێرکردنێکی لەو جۆرەدەبێ لە

لەگەڵ زۆر لەو دووربینیانەی کەلەسەرەوەباسمان کرد کار بکات . هەموو چالاکێکانی

فێرکردن بەستراوەتەوەبەبۆچوونەرەوشتێکان . هەموو جۆرێکی فێرکردن لەناوەرۆک دا هەڵوێستی نرخدانان و رەوشتی تیایە.

زۆربەی ئەو کێشانەی کەمامۆستا تووشی

دەبێ لەکارەکەیدا ئەمرۆ مەسەلەی دووربینیەلەبۆچوونەرەوشتێکان و کومەڵایەتێکانی پیشەی مامۆستایی، بەڵام لەسەر ئەم هەموو شتانەشەوەگفتووگۆ باسێکی زیندوو ی رۆشنبیرانەهەیەدەربارەی مەسەلەکە.

ئەتوانین بەخۆشحاڵیەوەبڵێین کەزەمینەیێکی باش هەیەئێستا بۆ ئەو جۆرەگفتووگۆیەئەویش لەبەر ئەو پرنسیپ و هەڵوێستەرەوشتیەپیشەییەهاوبەشەی کەساندیکای مامۆستایان و ساندیکای گشتی مامۆستایان لەمانگی شەشی ساڵی 2001 گرتیانەبەر .

کاری مامۆستای هەتاکو ئیستا لەو جۆرەروونکردنەوانەی نەبووەو تەنانەت بەنووسینیش باسی لێنەکراوەلەرەوشتی کاردا .

پێشخستن و پاراستنی رەوشتی پیشەیی لەلایەن مامۆستاوەزۆر گرنگەبۆ پاراستن و

بەرەوپێشەوەبردنی کارەکەیان و پیشەکەیان . پەیوەندیەدەسەڵاتێکان شتێکی

گرنگ و بنەرەتیەلەهەموو گفتوو گۆێک دەربارەی رەوشتی پیشەیی، وەیاساکانی

رەوشتی بەتایبەتی زۆر گرنگن بۆ پیشەییێکان کەهەمیشەلەگەڵ خەڵکانێک کار دەکەن

کەوا کێشەو گیرووگرفتیان هەیە، پاشان لەهەمووی گرنگتر ئەوەیەکەیاساکانی

رەوشتی پیشەیی باوەری خەڵکی و رای گشتی بەلای مامۆستایان و پیشەکەیان رابکێشی

لەدنیای قوتابخانەو خوێندن قوتابی خۆی بەبچوک و نزم دەزانێ لەبەرامبەر مامۆستا و

گەورەکان لەبەر ئەوەی هەمان دەسەڵات و ناوەندێتیان نیە، جا بۆیەدەبێ مامۆستا

کارەکەی و رەفتاری لەگەڵ قوتابی جۆرێک بێ کەئەو هەستی دەسەڵات و جیاوازیە

لەنێوان خۆی و قوتابی نەهێڵێ .

له(بحێ) ێکی سەرنجراکێشەر کەسالی 1997 لەلایەن پیریۆ لادینپرێ وەپێشکەش کرا ئەوە
دەرکەوت کەزۆبەی مامۆستایانی سویدی بۆچوونێکی نێگەتیڤانەیان بەرامبەر ئەو قوتابیانەهەیەکەسویدی نین و وەزۆر لەمامۆستاکان رەفتاریان لەگەڵ قوتابیانی بێگانەخراپەو بەیک شیوەمامەلەیان لەگەڵ ناکەن بەرامبەر قوتابی سویدی .
لەم ماوەی رابردووەش بەرێوبەرایەتی خوێندن پیاچوونەوەیێکیان کردەکەبۆیان
دەرکەوت کەوا قوتابیێکی زۆر هەن کەلەلایەن مامۆستاو هاورێکانیانەوەگاڵتەیان
پێدەکرێ بەڵام هەتاکوو ئێستاش ئەم جۆرەکێشانەبەکێشەد نێوان قوتابیان خۆیان
دادەنرێ و نەک بەکێشەی قوتابخانە.
ئەو دوو نموونەی سەرەوەدەکرێ بلێین دوو شتن کەبەپێچەوانەی ئەپرنسیپانەیە
کەساندیکای مامۆستایان دەربارەی رەوشتی پیشەهەیەتی کەدەڵێ قوتابی دەبێ لە
پێش هەمووشتێکەوەبێ و لەهەموو شێک گرنگتربێ، چونکەبەئاشکرای و روونی لەو
یاسانەدا باس لەوەدکرێ کەوا مامۆستا پێویستەبەگوێرەی رەوشتی پیشەیی خۆی رێز
لەقوتابی بگرێ و هەوڵبدات کەمافەکانی قوتابی بپارێزێ و نەهێڵێ مافەکانی پێشل بکرێ و رێگا نەدات کەقوتابی لەلایەن کەسانێکی ترەوەبچەوسێنرێتەوە، پاشان مامۆستا دەبێ رێگا نەدات کەقوتابی هەر لەبەر ئەوەی کەئافرەتەبچەوسێتەوەو
دەبێ مافەکانی ئافرەت لەکاتی خوێندن بپارێزێ. هەروەها بەهیچ جۆرێک نابێ قوتابی
لەبەر ئەوەی کەسەر بەئاینێک و رەگەزێک و میلەتێک و لایەنێکی سیاسی ترەوەیان لەبەر هەژاری مافەکانی پێشل بکرێ وەمامۆستا دەبێ رێگا لەو جۆرەکارانەلەکاتی ئیشەکەیدا بگرێ .
جا لەبەر ئەوەهیچ بەهانەیێک نیەلەلای مامۆستا بۆ چەوسا ندنەوەی قوتابی و وابزانم
زۆربەی زۆری خەڵکیش لەگەڵ ئەم رایەی من دان، ئەگەرچی هەندی جار سەختە
کەپیاو رەخنەلەهاوکاری خۆی بگرێ لەبەر ئەم جۆرەکارانە. وەزۆر جار مرۆڤ هاورێ خۆی لەدەست دەدات کاتی کەرەخنەیێکی وا بگرێ لەهاوکارەکەی خۆی و لەوانەشەلەلایەن هاوکارەکانی خۆشێوەبەناوەفا دار لەقەڵەم بدرێ .
گونیل گۆلنیروود کە(بحێ) ێکی دەربارەی رەوشتی پیشەیی مامۆستایان کردووەچەند پرسیارێکی لەهەندی مامۆستا کردووەدەربارەی سەختی کارەکانیان ئەوکێشانەی کەتوشیان دەبێ لەسەر کار زۆربەیان باس لەکێشەرەوشتێکان دەکەن لەکاتی چارەسەر کردنی گیرووگرفتەکانی قوتابیان .
گونیل گۆلنیرووود دەڵێ کەزۆر سەیرەکاتێ پیاو دەبینێ کەهاوکارەکانت پێان ناخۆشەکەتۆ رەخنەلەمامۆستای هاوکاری خۆت بگری ئەگەر رەفتاری لەگەڵ قوتابیێکان خراپ بێ
بەڵام رەخنەگرتن لەمامۆستایێکی هاوکار زۆر ئاسایەئەگەر ئەو رەفتاری لەحەد زیاتر باشتربێ لەگەڵ قوتابیێکان، بۆیەئەو ئەم جۆرەرەفتارانەبەرەفتاری شێتانەناو دەبا و
ئەوانەی کەرەخنەلەرەفتاری خراپی مامۆستا دەگرن لەگەڵ قوتابی بەقوتابی پەرست و شتی تر تاوانبار دەکرێن .
ئا لێرەدا ئەو پرنسیپانەی دەربارەی رەوشتی پیشەی لەساندیکای مامۆستایاندا هەیەزۆر روون و ئاشکرایەکەدەڵێ پێویستەلەسەر هەر مامۆستایێک رێگەبگری لەهەر رەفتاروو
چەوسانەوەیێکی نابەجێ بەرامبەر بەقوتابی و ناشبێ رێگەبدرێ بەمامۆستا کەمافە
سەرەکێکانی قوتابی پێشل بکا . مامۆستا نەک تەنها دەبێ رێگەبەو جۆرەکارانەنەدات لە
لایەن هاوکاری خۆیەوەبەرامبەر قوتابی بەڵکوو دەبێ بەهەموو جۆرێ دژایەتی بکا .
باس و گفتوگۆ دەربارەی پرنسیپی رەوشتی کار و پیشەیی لەنێوان مامۆستاکاندا زۆر گرنگەو پێویستەببێ بەخاڵێکی گرنگی نەخشەدارشتنی کاری دوارۆژی مامۆستایان و
بەرەو پێشەوەبردنی، وەهیوادارین کەئەو پرسیپانەی رەوشتی کار و پیشەببن بە
بناغەی هەموو کارێکی مامۆستایان و ببێ بەخاڵێکی بەردەوام و گرنگ لەهەموو ئەو

باسانەی کەدەکرێ لەدووارۆژ دەربارەی پیشەی مامۆستای.

نووسینی: لێنا فییان یونگهیل

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.